# با رەخنەکانمان مرۆڤدوستانە بن, دوور لە تۆمەت و یەکترشکاندنەوە

فاروق هۆمەر/ کەنەدا

بروا ناکەم هیچ شتێک لەوە قورستر و ناخۆشتر بێت کە رابکێشرێیتە شەرێکەوە کە شەری تۆ نەبێت . بەراستی ئەمە ئێخە پێگرتنە ،

وەلام بە نوسینێک بدەیتەوە کە لە هیچ رویەکەوە تۆ نەک هەر تیا ئامادە نەبویت ، بەلکو بێ خەبەریش بوویت لێی .

شەر لەگەڵ کەسێک تۆ وە ک لایەنێکی کۆمەلایەتی پەیوەندیت پێوە هەبووە و قبولت کردوە ، ئەو دەیەوێت بەرەو لایەنێکی دی رات

بکێشێت . ئەمە یەکەم جارە کەسێک بەو دلرەقیە لەسەرم بنوسێت ، تارادەیەک دلرەق کە تەنیا بە شکاندنی خۆتەوە رانەوەستێت بەلکو

هێرش بۆ هاوسەرەکەشت بەرێت بەبێ بەلگە ، کە لە دورو نزیک هیچ پەیوەست بونێکی بە ناوەندی ئەدەبی و روناکبیرییەوە نییە و کازیوە ش بۆ خۆی باش دەزانێت .

نوسین بە لای منەوە پرۆسەیەکی ویژدانی رەوشت ئامێزە . کارێکە کە هەموو کەس ناتوانێت ئەنجامی بدات . کاتێک کە نوسین بو بە ئینشا و بۆ شیواندن و مەزاج تێک دانی خوێنەر بەکارهێنرا ئیدی ئەوە نوسین نییە و دەشێت ناوێکی دی لێ بنرێت .

من بەر لە هەموو کەس بۆ خۆم دەنوسم ، نوسینێک لە ناخی خۆمەوە هەلنەقولا بێت و دەیان جار گینگلی پێنەدابم و نەیگریاندبم هەرگیزبلاوم نەکردۆتەوە . بۆیە کەم دەنوسم و هەندێ جار بۆ ماوە یەکی درێژ وازم لە نوسین هێناوە . هەر وەک ئێستا کە ماوەی پێنج ساڵە لە نوسین دورم . وە کەسێکیش پێنج سال لە نوسین دور بێت ، بە گەرانەوەیەکی جیاوازتر دێتەوە نەک بە بۆلە بۆڵ . هەمیشە خۆم لەم جۆرە نوسینانە پاراستوە ، ئەمە یەکەم جارە وەلام بە نوسینێک بدەمەوە کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دونیای مندا نەگونجێت و لەسەر نوسینێکیش کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە منەوە نەبێت . نوسینێک وەلامی دەدەیتەوە ، رۆحی خۆت فرێ دەدەیتە دۆزەخەوە ، وەلامی نادەیتەوە، سەری ئەرێ و رەزامەندی بۆ نوسینێک دادەنەوێنیت ، کە دونیایەک سوکایەتی و قسەی بێ سەرو بەری فرێ داوە و خوێنەر بە بۆڵ و بۆڵ و نوسینی بێ بەلگە رادەهێنێت . (1)

بۆیە لە سەرەتاوە دەلێم ئەم نوسینەی من بە خاتری گۆواری ئەلکترۆنی دەنگەکانە ، خۆم لەو تۆمەتانە خاوێن بکەمەوە

کە بە نارەوا خراوەتە پالم ، گوایە لەلایەن منەوە قسەی نابەجێ بە ئێوەی بەرێز دراوە (2). من هەمیشە ئەوەم گوتوە کە دەنگەکان وەک پەیامێکی رۆشنبیری دەبینم ، بەتایبەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی دونیای سڕ و ماتبووی ئێمە لە هەندەران. بۆیە دەنگەکان دەبێت جێگای نەوازش و پێزانین بێت نەک شکاندن و بە هیچ نەزانین . من لەلایەن خۆمەوە هیوا دەخوازم ئەم گۆوارانە لە روپەری ئەنتەرنێتدا زۆرتر بن و هەنگاوی زیاتر بنێن . من وای دەبینم ئەم گۆوارانە ئەو مەشخەلانەن کە لە رۆژگارە شێواو نوتەکەکاندا رۆحمان ئاشنا دەکەنەوە بە ئەدەب و جوانی لە ناخماندا دەروێنن . بە تایبەتی لەم سەردەمە هەستیارەدا کە تادێت ئەو کائینەی کە ناوی خوێنەرە روو لە کز بون و پوکانەوە دەکات و زۆرینەی لاوان و نەوەی نوێ پەتای تەمەلی و پەنا بردنە بەر کارە سادە و ساکارەکان لە نێو دەمارەکانیاندا هاتوچۆ دەکات و تا دێت چات و هاکەر و دزینی دەنگ و رەنگ و تایبەتمەندییە کانی مرۆڤ و چونە ناو کاروباری کەسایەتیەکان روو لە زیاد بون دەکات . ئایا دەشێت ئەمرۆ بەسەردەمی مەرگی

ئەدەب رابگەیەنین بەرانبەر پەرەسەندنی نوسینی بازاری و ئەو شەرە جوێنەی لێرە و لەوێ پەرە دەسەنێت . بۆیە من خوێنەری بەردەوامی ئە و بەشانەم کە کتێب و کاری داهێنان و بەرهەمی ناوازە بڵاو دەکاتەوە ورێزی سەلیقە و چێژی ئەدەنیمان دەگرن .

لەم رۆژانەدا لە نوسینێک ئاگادار کرامەوە کە لەلایەن هاورێ کازیوەوە لەسەر من نوسرابوو ، بەراستی پێم خۆش بوو ئەوە دوا ساتەکانی ژیانم بێت و ئەو نوسینەم نەدیایە . من بێچگە لە رێزو خۆشەویستی هیچ زیانێکم بۆ کازیوە نەبووە . لە خۆم دەپرسم ئەوە چییە لە پر دوو دۆست و دوو هاورێ لێک دەکاتە دوژمن و بەبێ رەچاو کردنی خاڵە پۆزەتیفەکان ، هەرچی ناخۆشە بە یەکی دەکەن ؟. هەموو مرۆڤێک خاڵی نێگەتیف و پۆزەتیفی هەیە . من هەمیشە هەوڵم داوە باس لە خاڵە پۆزەتیفەکانی هاورێکانم بکەم .(3)

ئایا ئەو دڵرەقیە لە کوێدا خۆی حەشار داوە ؟ ئایا مرۆڤەکان هەموو لە بەرهەمهێنانی دڵرەقیدا وەکو یەکن ؟ ئایا نوسەرێک و کەسێکی سادە وەکو یەک مامەڵە لەگەڵ بەرانبەرەکانیاندا دەکەن ؟ نوسەرێک کاتێک وەڵامی رەخنەیەکی بەرانبەر دەداتەوە دەبێت پەنا بۆ ئەو کەرەسانە ببات کە کەسێکی سادە لە پیاهەڵشاخان لە بەرانبەر نەیارەکەی بەکاری دەهێنێت ؟.بەراستی لە دوای خوێندنەوەی ئەو نوسینە ، جۆرێک لە بێزاری و قێز لە خۆ هاتنەوە تێکەڵ بە رۆحم بوو ، ئەو رۆحە ماندووەی کە ساڵانێکە دەمەوێت لە کەش و هەوایەکی ئارام و خۆشەویستی و هێمنیدا هەدای پێبدەم .

ئاخر کاتێک مرۆڤ روو لە نوسین دەکات ، لە دوای خولقاندنی دونیایەک دەگەرێت کە پری بێت لە خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی ، پەنا دەباتە بەر ووشە بۆ ئەوەی لەو کەسانە خۆی جوێ بکاتەوە کە لە کێشەکاندا هەموو جوانیەکان هەڵدەوەرێنن .
ئەم رونکردنەوانە بۆ کازیوە :

من لێرەوە رایدەگەیەنم نە لە کوردستان و نە لێرەش ئەندامی هیچ دەستە و تاقم و حیزب و ریکخراوێکی سیاسی نەبوم و هەمیشەئازادی خۆم پاراستوە و بە درێژایی ژیانم من لایەنگری چینی دەسەلاتداران نەبووم و ناشبم . نە سەیارەم لە هیچ سەرۆکێکی حیزبی بە دیاری پێ بەخشراوە ، نە حمایەم شوێن خراوە و نە پیاوی هیچ مەسئولێکی حیزبیش بووم . ئەگەرهەر بەلگەیەکت هەیە لەسەر من

خوشحاڵ دەبم ئاشکرای بکەیت.

لە دژی هیچ حیزب و لایەنێک بە ناوی خۆم یان بە ناوی خوازراوەوە هیچم نە نوسیوە و نە کردوە ، ئەگەر بەڵگەت هەیە بیخە روو.
من لە کوردستان عارەق خۆر نەبووم و عارەقی فەلیشم نەخواردوە ، هەموو هاورێکانم دەزانن .

بێ لە پاس و تەکسی ، لە کوردستان سواری ماشێنی هیچ لایەنێکی سیاسی دەسەڵاتدار نەبووم .

تا ئیستاش هاورێیەتی هیچ مەسولێک و پیاوێکی سیاسی هەردوو دەسەلاتم نەکردووە و چاوپێکەوتنیشم بێجگە لەگۆڤارە رۆشنبیرییەکان بۆ هیچ گۆڤارێکی سیاسی نەکردوە. بۆ ئیش کردنم لە گۆڤاری گەلاوێژ وەک فەرمانبەرێک کارم کردووە . وە پەشیمانیش نیم لە هیچ وێستگەیەکی ژیانی رابردوم بە هەموو نەهامەتییەکانیەوە .

. راستە دەزگای گەلاوێژ دەزگایەکی ئازاد نەبوو ، بەلام لە کاتی خۆیدا کام نوسەری کوردستان هەیە بەشداری گۆفاری گەلاوێژ و ڤیستیڤاڵی گەلاوێژی نەکردبێت ؟

نەک هەر دەزگای گەلاوێژ ، هیج دەزگایەکی رۆشنبیری ئازاد لە کوردستاندا نییە و لەهەموو رۆژهەلاتی ناوراستیشدا دەزگای ئازاد نابینیت .

ئایا دەکرێت بڵێیت گۆڤـــــــــاری نڤـــــــــار ئـــــــــــازاد بوو؟؟؟.

پەراوێزەکان :

(1) : من هەرگیزخوێنەری ئەم دادەیە نەبووم و تائیستا یەک بەرهەمیم نەخوێندۆتەوە، نەک لەبەر ئەوەی بابەتەکانی باش نین ،

بێجگە لە جیرۆکێک کە لە ناوراستی نەوەدەکاندا لە کۆرێکدا بە دەنگی خۆی پێشکەشی کرد . من و ئەو بەرێزە دوو کارمەندی بەرێوبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر بووین و تا ئیستاشی لەگەڵ بێت بێ لە کاری ئیداری هیچ پەیوەندییەکی رۆشنبیری ئێمەی گرێ نەداوە بە یەکەوە و بروا ناکەم تا ئیستا دوو گفتوگۆی ئەدەبیمان کردبێت . ئەگەر بۆ خۆی راستگۆ بێت دان بەوەدا دەنێت .

:(2)
چ کازیوە و چ دەنگەکانیش دەبوو بەر لە بلاوکردنەوەی ئەو نوسینە یان دروست بونی هەر گومانێک لە سەر من ، ئاگاداریان بکردمایە بەر لەوەی دەست بۆ شکاندنەوەی کەسایەتی من بەرن، چونکە ( پی دی ئێف ) تەنیا بەڵگە نیە و بۆ خۆتان دەزانن لە دونیای ئەنتەرنێتدا هەموو شتێک رینەیم دەکرێت و دەتوانرێت بگۆرێت. من سال و نیوێک دەبێت لە ئەمریکا نیم و ئەو ماوەیەش نەپەرژاومەتە سەر نوسین و خوێندنەوە . بە بەڵگەوە دەتوانم بۆتان بسەلمێنم کە من لەکاتی بلاوکردنەوەی ئەو چیرۆکەی کازیوە و هەرچی لەسە ر ئەو چیرۆکە نوسراوە من بێ خەبەر بوم لێی . ( لە سەرەتای مانگی نوڤەمبەرەوە تا نوسینی ئەم ئاگادارییە من لەسەفەردابوم لەژێر کۆنترۆلی ئەو کۆمپانیایەدا کە ئەم ساڵ و نیوە کارم لەگەڵ کردون) لەبەر نهێنی ئیشەکەشم ناتوانم بەڵگەکانم بلاو بکەمەوە ، دەتوانن بێن ئەو بەڵگانە ببینن . دەنا من هیچ باکم نیە لە پێناو کەسایەتی خۆمدا رێگای یاسا و دادگا بگرم ، ئەمەش بە هەڵە لێک مەدەنەوە من مەبەستم هیچ هەرەشەیەک نیە بەڵام بە کارێکی رەوای دەزانم .

(3) : من هەرگیز لەم لا و لا باسم نەکردویت و مرۆڤ دەبیت بە بەڵگەوە بدوێت، نەک بە وتی و وتی .

رەخنەکانمان دەبێت دور بێت لە شکاندن و لە تایبەتمەندییە کەسایەتییەکان ، هەر کەس خۆی بەرپرسیارە لە تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی باس کردنی ژن و ماڵو منداڵی یەکتر، دەکەوێتە خانەی شەری خێلەکییەوە. من هەڵبەت رێگە بە خۆم نادەم دەست بۆ کاروبارو ژیانی تایبەتی و خێزانی خەڵکی ببەم.